﴿فَاسْأَلُواْ أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ﴾

# به درۆخستنەوەی وەسێتنامە هەڵبەستراوەکەی شێخ ئەحمەد


نووسینی زانا و پێشەوای ئەهلی سوننە و جەماعە

**شێخ** : (عبد العزيز بن باز) **ڕەحمەتی خوای لێبێت**

(مُفتـــي عام الـــمملكة العربية السعودية سابقاً)

وەرگێڕانی

باوکی عبد الله

پێداچوونەوەی

مامۆستا : محمد عبد الرحمن لطيف

ووتار خوێنی مزگەوتی حاجی لەر

بەکالۆریوس لە زانستە شەرعی یەکاندا / زانکۆی دهۆك


==================================


لەبڵاوکراوەکانی

**مالْپەڕی بەهەشت**

**www.ba8.org**

islam_kurd_ba8@yahoo.com

07701517378

**عێراق - کوردستان - کەلار**

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

**کتێبی ژمارە ﴿٦٥﴾**

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله إلى يوم الدين :

**لە** (عبد العزيز بن عبد الله بن باز)**ەوە ، بۆ هەموو ئەو کەسانەی ئەم نوسراوەیان بەرچاو دەکەوێت خوای گەورە بەردەوامیان بکات لەسەر ئیسلامەتی ، ئێمە و ئەوانیش لە شەڕ و خراپەی نەزان و نەفامەکان بپارێزێت ...** آمين :

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته :

**چاوم کەوت بە نوسراوێك کە بە ناوی شێخ ئەحمەدی خزمەتکاری مزگەوتی حەرەمی پێغەمبەری نازدارەوە (ﷺ) بڵاوکراوەتەوە ، بە ناونیشانی " ئەمە وەسێتێکە لە مەدینەی منەوەرەوە لە شێخ ئەحمەدی خزمەتکاری حەڕەمی مزگەوتی پێغەمبەرەوە (ﷺ) " ، تێید ا هاتووە :**

**(شەوی هەینی بوو بە خەبەر بووم ، هەندێك قورئانم خوێند و ئەنجا دەستم کرد بە خوێندنەوەی ناوە جوانەکانی خوای بەرز و گەورە ، کە لێبومەوە و ویستم بخەوم ، ئا لەو کاتەدا پێغەمبەری خوا (ﷺ)م بینی و پێی ووتم : ئەی شێخ ئەحمەد ! ووتم : بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا ئەی بەڕێزترین دروستکراوی خوا ، فەرمووی : من شەرم لەو کردەوە خراپانەی خەڵك دەکەم ، شەرم دەکەم بڕۆمە دیداری پەروەردگار و فریشتەکان ، چونکە لە هەینی ڕابردووە بۆ ئەم هەینیە ، سەد و شەست هەزار کەس بە بێ دینی (بە کافری) مردوون .**

**دوای ئەوەی باسی هەندێك لەو خراپە و سەرپێچییانە دەکات کە خەڵکی ئەم ڕۆژە تێی کەوتوون ، پاشان ئەڵێ : (فەرمویەتی : ئەم وەسێتەم ڕەحمەتێکی خودایە بۆ خەڵك) ، دواتر باسی هەندێك لە نیشانەکانی قیامەت دەکات ، تا ئەوەی ئەڵێ : (ئەی شێخ ئەحمەد ئەم وەسێتە بە خەڵك ڕابگەیەنە ، چونکە ئەمە لە** (لوح المحفوظ) **بە قەڵەمی قەدەر بۆتان گواستراوەتەوە ، جا هەر کەس بینوسێت ، لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ڕەوانەی بکات ، کۆشکێکی لە بەهەشتدا بۆ دروست دەکرێت ، و هەر کەسێك نەینوسێت و نەینێرێت ، ئەوا لە ڕۆژی قیامەتدا لە شەفاعەتی من بێ بەش دەبێت ، جا هەر کەسێك ئەم نوسراوە بنوسێت ، خوا دەوڵەمەندی دەکات ، و ئەگەر قەرزار بێت ، لە سەری لای دەبات و بۆی دەبژێرێ ، و ئەگەر تاوانباریش بێ ئەوە بە بەرەکەتی ئەم وەسێتە خوا لە تاوانی خۆیی و دایك و باوکی خۆش دەبێ ، و هەر کەسێك نەینوسێت و بڵاوی نەکاتەوە ئەوا خوای گەورە لە دونیا و ئاخیرەت ڕوو ڕەشی دەکات) .**

**پاشان ئەڵێ: (سوێند بەخوا ـ سێ جار ـ ئەمە ڕاست و هەقیقەتە، یا خوا ئەگەر درۆ ئەکەم بە کافری بمرم! هەر کەسێك ئەم نوسراوە بە ڕاست بخاتەوە لە ئاگری دۆزەخ ڕزگاری ئەبێت ، وە هەر کەسێك بە درۆی بخاتەوە ، کافر بووە)!!!**

**ئەمە پوختەی ئەو وەسێتەیە کە بە درۆوە نوسراوە و راوەتە پاڵ پێغەمبەری خواوە (ﷺ) .**

**ئەوەی ڕاستی بێ ئەمە چەند جارێکە ئەم وەسێتە هەڵبەستراوە دەبیسین ! چەند ساڵێکە بە بەردەوامی لە نێو خەڵکدا بەینا و بەین و لێرە و لەوێ بڵاودەبێتەوە ، زیاتریش لە نێو خەڵکی عەوامدا (بێ ئاگا و نەفام و نەزان و نەخوێندەوارەکان) ڕەواج پەیدا دەکات .**

**جیاوازیەکی کەمیش هەیە لە نێوان وەسێتی ساڵانی پێشوو وەسێتەکەی ئەم ساڵدا ، خاوەنی وەسێتەکە لە جارەکانی پیشووتردا دەیووت : (پێغەمبەرم (ﷺ) لە خەودا بینیوە ! ) ، بەڵام لە بڵاوکراوەی ئەم جارەیدا کە**

باسمان کرد کابرای دەم هەڵبەست ئەڵێ : (ئەو پێغەمبەری خوای (ﷺ) لە کاتێکدا ویستویەتی بخەوێت بینیوە) ، نەك لە کاتی خەوتندا ! کەواتە ئەم بەخەبەر بووە پێغەمبەری خوای (ﷺ) بینیوە ، هەروەها **ئەم درۆزنە لەم وەسێتەیدا شتی زۆر ئەڵێ کە بەڕاستی درۆی زۆر ئاشکرا و ڕوونن** .

جا ـ بە ویستی خوا ـ لێرەدا ئاماژە بۆ هەندێك لەو درۆ و دەلەسە هەڵبەستانەی دەکەم ، من لە ساڵانی پێشوتریشدا خەڵکم ئاگادار کردۆتەوە کە ئەم وەسێتە درۆیە و ئەسڵی نیە ! کە وەسێتی ئەم جارەیانم بەردەست کەوت ، دوو دڵ بووم لە ڕەتدانەوەی ، بە هۆی ڕوونی و ئاشکرایی درۆکانی و بوێری دەم هەڵبەستەکەی بۆ درۆکردن .

بەڕاستی پێم وانەبوو هەرگیز لای کەسێکیش کە کەمترین بەرچاوڕۆشنی هەبێت بە ئیسلام بازاڕ پەیدا بکات ، بەڵام هەندێك لە برایان پێیان ڕاگەیاندم کە ڕەواجی چاکی پەیا کردووە و ئەم دەست و ئەو دەستی پێدەکرێت و خەڵکێکیش وەسیتەکە بە ڕاستی دەزانن ، بۆیە بە پێویستمان زانی لە سەری بنوسین و ڕوونکردنەوەی پیویستی لە ئاست بخەینە ڕوو ، بۆ ئەوەی ناڕاستی ئەو وەسێتە بۆ خەڵك ڕون ببێتەوە کە ئەمە درۆکردنە بە دەم پێغەمبەری خواوە (ﷺ) ، بەو هیوایەی چی تر کەس گوێی پێ نەدات .

ئەڵێم : هەر کەسێك خاوەن زانست و ئیمان یا فیترەتێکی پاك و عەقڵێکی ساغ بێ و لەم نوسراوە وورد بێتەوە ، هەقیقەتی ئەم بوهاتەنەی لە زۆر لایەنەوە بۆ دەردەکەوێت .

خۆم پرسیارم لە هەندێك لە خزمانی ئەم شێخ ئەحمەد کرد کە ئەم بوهتانەی بۆ هەڵبەستراوە ، پێیان ووتم : کە ئەوە بوهتانە و بە ناوی شێخ ئەحمەدەوە هەڵبەستراوە و شێخ ئەحمەد هەرگیز شتی وای نەووتووە ، تەنانەت شێخ ئەحمەدی ناوبراو دەمێکە وەفاتی کردووە .

جا گریمان شێخ ئەحمەدی ناوبراو یان هەر کەسێکی لەو پایەدار تر ، وا بزانێ پێغەمبەر (ﷺ) بەخە و یان بە خەبەر بینیووە و ئەم وەسێتەی بۆ کردووە ! ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەڵێین : کە ئەمە درۆیە ، بەڵکو ئەوەی ئەمەی پێوتووە شەیتان بووە نەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەبەر چەند هۆیەك : لەوانە :

١ ـ بێ گومان پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە دوای مردنی هەرگیز بەخەبەر نابینرێ ، و هەر کام لە سۆفیە نەزانەکان وابزانێ ئەو پێغەمبەری خوای (ﷺ) بینیووە و بەخەبەر بووە ، یا ئەوەی کە هەندێك ئەیلێین کە خودی پێغەمبەر (ﷺ) لە مەولودنامەدا بەشداری دەکا و ئامادە دەبێ ، یا هەر قسەیەکی تری لەم جۆرانە ، ئەوا بەڕاستی بەهەڵەدا چووە ، خراپیش بە هەڵە چووە و لێی تێکچووە ! و هەڵەیەکی زۆر گەورەی کردووە ، چونکە پێچەوانەی قورئان و حەدیسی ووتووە ، و موخالەفەی ئیجماعی عولەمای کردووە ، چونکە مرۆڤ کە مرد مەگەر لە ڕۆژی قیامەتدا لە گۆڕەکەی دەربهێنرێ ، ئەگینا لە دونیادا زیندوو نابنەوە ، هەر وەوك خوای پەروەردگار خۆی دەفەرموێ : ﴿**ثُمَّ إِنَّكُمْ بَعْدَ ذَلِكَ لَمَيِّتُونَ ، ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ تُبْعَثُونَ**﴾ .

واتە : بێگومان سەرەنجامی ئێوە هەر مردنە ، پاشان بێگومان لە ڕۆژی قیامەتدا زیندوو دەکرێنەوە .

خوای گەورە لەم ئایەتەدا ئەو ڕوون دەکاتەوە کە زیندوو بوونەوەی مردووەکان لە قیامەتدا دەبێ نەك لە دونیادا .

بۆیە هەرکەسێك پێچەوانەی ئەم ئایەتە بڵێ درۆی کردووە و لێی تێك چووە ، و ئەو ڕاستیەی نەزانیوە کە سەحابە و تابعین زانیویانە .

٢ ـ پێغەمبەر (ﷺ) شتێك نالێت کە پێچەوانەی ڕاستی و شەریعەتی خوای بەزر و گەورە بێت ، نە لە ژیانی و لە پاش مردنی ، جا ئەوەی لەم وەسێتە هاتووە پێچەوانەی شەریعەتی خوایە ، لە زۆر ڕوانگەوە ـ وەکو دواتر باسی لێوە دەکەین ـ ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە خەودا دەبینرێ ، وە هەرکەسێ بیبینێ لەسەر شێوازی خۆی ئەوە بینیویەتی ، چونکە شەیتان ناتوانێ خۆی بکاتە شێوەی پێغەمبەر (ﷺ) ، هەروەك لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە ، بەڵام مەسەلەکە لە ئیمان و ڕاستگۆیی و دامەزراوێتی و ئەمانەت و دیانەتی کابراکەدایە ـ ئەوەی خەوەکەی بینیووە ـ تا چەند ئەو شتانەی تێدایە ، وە ئایا پێغەمبەری خوای (ﷺ) لەسەر شێوازی خۆی بینیووە ، یان ئەو شێوازەی ئەو بینیوویەتی لە خەوەکەدا یەکێکی ترە ، تەنانەت ئەگەر فەرمودەیەك لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) بیگێڕدرێتەوە کە لە ژیاندا ووتوبێتی ، بەڵام لە ڕێگەی خەڵکانێکەوە بێ کە نا عادل بن و جێی متمانە و دامەزراوێتی نەبن وە رناگیرێ و کاری پێ ناکرێ .

تەنانەت ئەگەر هاتوو حەدیسەکە لە ڕێگەی کەسێکی متمانە پێکراوەوە ڕیوایەت کرا ، بەڵام لەبەرکردنیان بە هێز نەبوو و پێچەوانەی ڕاوی لە خۆیان باشتر بکەن ، وە نەتوانرا جەمعی نێوان هەردوو حەدیسەکە بکەین ، ئەوا یەکێکیان دەبێتە (منسوخ) و ئیشی پێ ناکرێ ، ئەوەکەی تر دەبێتە (ناسخ) و کاری پێ دەکرێ ، وە ئەمانەش بە کۆمەڵێ مەرج وایان لێدێ ، بەڵام ئەگەر نە جەمع و نە نەسخ ڕێی تێنەچوو ، ئەوا پێویستە ڕیوایەتی ئەو ڕاویە کە لە بەرکردنی لاوازترە و عەدالەتی کەمترە وەلانێین ، لێرەدا حەدیسەکە دەبێتە شاز و کاری پێناکرێت .

ئەم هەموو ڕێگایە دەگیرێتە بەر لە ئاست فەرمودەیەك لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) گێڕدراوەتەوە و لە ژیان بووە .

ئەمە چ جای وەسێتێك کە ئەو خاوەنەی نا ناسرێت وا لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) ڕیوایەتی کردووە ؟ نە باری کەسایەتی دەزانرێت چۆنە ؟ نە باری ئەمانەتی ؟ بۆیە ئەمە بەلا دەنرێت و هیچ حیسابێکی بۆ ناکرێ ـ با موخالفەی شەرعیشی تێدا نەبێ ـ ، ئەی چ جای **وەسێتێك کە کۆمەڵێکی زۆر درۆ و دەلەسەی تێدا بێت** ، بەڵگە و نیشانەی ناڕاستی و پوچی ئەو وەسێتە بن . کە **بە درۆوە وترابێت بە دەم پێغەمبەری نازدارەوە** (ﷺ) لە کاتێکدا ئەو نازدارە شتی وای نەوتووە و درۆی بە دەمەوە کردووە و دینێکی داناوە کە خوا ڕێگەی پێنەداوە .

**هەروەها** پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: "من قال علي ما لم أقله فليتبوأ مقعده من النار" واتە : هەر کەس شتێك بەدەم منەوە بڵێ و من نەموتبێ ئەوە با شوێنی خۆی لە دۆزەخ خۆش بکات .

جا ئەو کەسەی کە ئەم وەسێتەی هەڵبەستووە شتی وای ووتووە بە دەم پێغەمبەری خواوە (ﷺ) کە نەیفەرمووە ، وە **درۆیی زۆر زل و خەتەریشی بە دەمەوە کردووە** ، کە بەڕاستی هەر زۆر شایستەی ئەو سزا سەختەیە، ئەگەر پەشیمان نەبێتەوە و تەوبە نەکات و بۆ خەڵکی ڕون نەکاتەوە کە ئەو درۆی کردوە و وەسێتەکەی بە دەم پێغەمبەری خواوە (ﷺ) هەڵواسیوە ، چونکە هەر کەسێك ناڕەواییەك و خراپیەك لە نێو خەڵکدا بڵاوبکاتەوە و بیداتە پاڵ دینەوە ، ئەوا تەوبە کردنەکەی دروست نابێت تا هەڵنەستێ بە ئاشکرا کردن و بڵاوکردنەوەی نادروستێتی ئەو درۆ و دەلەسانە ، بۆ ئەوەی خەڵك بزانن لە درۆکەی پەشیمان بۆتەوە و خۆی بە درۆ دەخاتەوە ، ئەمەش لەبەر ئەو فەرمایشتەی خوای گەورە کە دەفەرموێ : ﴿ **إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنْزَلْنَا مِنَ الْبَيِّنَاتِ وَالْهُدَى مِنْ بَعْدِ مَا بَيَّنَّاهُ لِلنَّاسِ فِي الْكِتَابِ أُولَئِكَ يَلْعَنُهُمُ اللَّهُ وَيَلْعَنُهُمُ اللَّاعِنُونَ، إِلَّا الَّذِينَ تَابُوا وَأَصْلَحُوا وَبَيَّنُوا فَأُولَئِكَ أَتُوبُ عَلَيْهِمْ وَأَنَا التَّوَّابُ الرَّحِيمُ** ﴾ [البقرة:١٦٠] .

واتە : بێگومان ئەوانەی کە ئایەتە ڕۆشن و ڕێنماییە ڕەوانە کراوەکانی ئێمە دەشارنەوە ، دوای ئەوەی کە بۆ خەڵکیمان ڕوون کردۆتەوە لە کتێبەکەماندا ، ئا ئەوانە خودا نەفرینیان لێدەکات و نەفرینکەرانیش نەفرینیان لێدەکەن ، مەگەر ئەوانەیان نەبێت کە تەوبەیان کردبێ و پەشیمان بوو بێتنەوە و ئەوەی کە پێشتر بە هەڵە کردبوویان ڕاستی کەنەوە و ئاشکرای بکەن کە هەڵەیان کردووە ، ئا ئەوانە پەشیمانیان لێ گیرا دەکەم و هەر منم تەوبە گیرا دەکەم و میهرەبان .

خوای پەروەردگار لەم ئایەتە پیرۆزەدا بۆمان ڕوون دەکاتەوە کەوا هەرکەسێك شتێك بشارێتەوە لە هەق و ڕاستی ئەوا تەوبەکەی دروست نییە تا چاکسازی نەکات و ئاشکرای ئەوانە نەکات کە شاردوویەتیەوە .

وە خوای گەورە بە ناردنی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) دینەکەی کامڵ کرد و ناز و نیعمەتی خۆی ڕشاندە سەر بەندەکانیا ، وە ئەو شەریعەتەش کە بە وەحی بۆی دابەزاندووە کاملە و بێ کەم و کورتیە و کەلێنی تێدا نیە ، کە کەلێنی تێدا نەبوو چ پێویستی بە پڕکردنەوە دەکات ؟!

هەروەها خوای گەورە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) نەبردەوە و ڕوحی نەکێشا تا دینەکەی کامڵ کرد و ڕوونی کردەوە ، خوای پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿ **أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا**﴾ [المائدة:٣] .

واتە : ئەمڕۆ دینەکەتانم بۆ کامڵ کردن و چاکە و نیعمەتی خۆمم بە تەواوی ڕشتووە بەسەرتاندا ، وە ڕازی بووم کە ئیسلام دینتان بێت .

جا ئەو کەسەی کە ئەم وەسێتەی هەڵبەستووە لە سەدەی چواردەی کۆچیدا کۆمەڵێ شتی هێناوە ئەیەوێ دینەکە لە خەڵکی بشێوێنێ و دینێکی نوێیان بۆ دابمەزرێنێت ، کە هەرکەسێك بڕوا بەو شەریعەتەی ئەو بکات ئەڕواتە بەهەشتەوە و هەرکەس بڕوای پێ نەکات ئەڕواتە دۆزەخەوە !!! هەروەها ئەیەوێ ئەم وەسێتەی کە هەڵیبەستووە لە قورئان مەزنتر و چاکتری دابنێ ، هەروەکو خۆی تێیدا نووسیویەتی و ئەڵێ : (هەرکەسێك ئەمە بنوسێ و لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر یا لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بینێرێ ئەوا کۆشکێکی لە بەهەشتدا بۆ دروست دەکرێ ، و هەرکەسێك نەینوسێتەوە و بڵاوی نەکاتەوە ئەوا لە ڕۆژی قیامەت شفاعەتی پێغەمبەری خوای (ﷺ) لە سەر حەرامە !!!) .

بەڕاستی ئەمە **درۆیەکی تا بڵێی قیزەونە** ، وە یەکێکە لە ڕوونترین بەڵگەکان لە سەر ناڕاستی وەسێتەکە و بێ شەرمی ئەو کەسەی کە هەڵیبەستووە و بوێری درۆ بکات ، چونکە هەر کەسێك قورئان بنوسێت و بینێرێت لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر یان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنیکی تر ، ئەگەر ئیش بە قورئان نەکات ئەم پاداشت و فەزڵە گەورەیەی دەست ناکەوێ ، ئەی باشە چۆن ئەم هەموو فەزڵ و پاداشتە دەستی نوسەر و ڕەوانەکەری **ئەم وەسێتە درۆینە** دەکەوێ ؟! تەنانەت ئەگەر کەسێك قورئان نەنوسێت و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر نەینێرێت ئەوا لە شەفاعەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) مەحروم نابێت ، ئەگەر ئیمانی بە پێغەمبەر (ﷺ) هەبێت و شوێنکەوتەی شەریعەتەکەی بێت .

جا تەنها ئەم درۆیەی نێو ئەم وەسێتە بەڵگەی ئەوەیە کە هەڵبەستراوە و ئەوەی بڵاوی کردوەتەوەوە درۆی کردووە ، هەروەها نیشانەی ئەوەیە کە ئەو کەسەی هەڵیبەستووە بێ ئابڕوو و گەمژەیە و لە ناسینی پێغەمبەر (ﷺ) و شەریعەتەکەی و ڕێنموییەکانیوە زۆر دوورە .

وە لەم وەسێتەدا ـ جگە لەوانەی ئاماژەمان پێکرد چەندین شتی تری تێدایە کە بەڵگەن لەسەر بەتاڵی و درۆیی وەسێتەکە ـ ، با ئەو کەسەش کە هەڵیبەستووە هەزار سوێند و لەوە زیاتریش بخوات لە سەر ئەوەی کە ڕاستە ، و دوعا لە خۆی بکات بە گەورەترین سزا و توندترین ئازار کە ئەو ڕاستگۆیە ، هەر ڕاست ناکا و درۆ ئەکات و ئەم وەسێتە ئەسڵی نیە ، بەڵکو سوێند بە خوا ئەنجا سوێند بە خوا ئەم وەسێتە لە گەورەترین درۆکانە وە لە قیزەونترین نا ڕەواییەکانە .

جا من خوای پاك و بێگەرد و ئەو فریشتانەی کە ئامادەن و ئەوانەش کە ئەم نامەیەمان پێدەگات لە موسوڵمانان بە شاهید دەگرم ـ شایەتیەك لە قیامەت پێی بگەمە لیقای پەروەردگارم ـ کەوا ئەم وەسێتە درۆیە و بە دەم پێغەمبەری خواوە (ﷺ) هەڵبەستراوە .

خوای گەورە ئەو کەسە سەرشۆڕ و ڕیسوا بکات کە ئەم درۆیەی کردووە ، بەو سزایەی کە شایستەیە خوا پاداشتی بداتەوە .

هەروەها لەو شتانەی کە بەڵگەن لەسەر ناڕەوایی و پوچەڵی وسیەتەکە ـ بێجگە لەوانەی پێشتر ـ :

یەکەمیان : لە وسیەتەکە ئەڵێ: ( لە هەینیەکەوە بۆ هەینیکی تر ١٦٠ هەزار خەڵکی بە کافرێتی مردوون) ! ! !

ئەمەش عیلمی غەیبە، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) لە دوای مردنیەوە وەحی لێبڕاوە ، کە لە ژیانیشدا بووە عیلمی غەیبی نەزانیووە، ئەی چ جای دوای مردنی؟!

خوای پاك و بێگەرد دەفەرموێ : ﴿ **قُلْ لَا أَقُولُ لَكُمْ عِنْدِي خَزَائِنُ اللَّهِ وَلَا أَعْلَمُ الْغَيْبَ** ﴾ [الأنعام:٥٠] .

واتە : ئەی پێغەمبەر (ﷺ) پێیان بڵێ : من پێتان ناڵێم خەزێنەی خوا لە لای منە ، وە من عیلمی غەیب نازانم .

هەروەها خوای پەنهانزان دەفەرموێ : ﴿ **قُلْ لَا يَعْلَمُ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الْغَيْبَ إِلَّا اللَّهُ** ﴾ [النمل:٦٥] .

واتە : ئەی پێغەمبەر (ﷺ) پێیان بڵێ : هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە غەیب نازانێ تەنها الله نەبێت .

هەروەها لە حەدیسی صەحیحدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : "خەڵکانێك لە ڕۆژی قیامەتدا لەسەر حەوز دوور دەخرێنەوە ، منیش ئەڵێم : پەروەردگار هاوەڵەکانم ، هاوەڵەکانم ، پێم دەوترێ : تۆ نازانی دوای تۆ چیان کرد ، ئا لەو کاتەدا ئەوە ئەڵێم کە بەندە صالحەکە — عیسى علیه السلام — ووتی : ﴿**وَكُنْتُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا مَا دُمْتُ فِيهِمْ فَلَمَّا تَوَفَّيْتَنِي كُنْتَ أَنْتَ الرَّقِيبَ عَلَيْهِمْ وَأَنْتَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ** ﴾ [المائدة:١١٧] .

واتە : وە من شایەت بووم بە سەریانەوە هەتا لە ناویاندا بووم ، بەڵام کاتێك منت لە نێویاندا هەڵگرت ، ئیتر هەر تەنها خۆت چاودێر و ئاگادار بوویت لێیان ، هەر تۆش شایەتیت بەسەر هەموو شتێکەوە .

دووەم : هەروەها لەو شتانەی کە بەڵگەن لە سەر ناڕاستی و درۆیی ئەم وەسێتە ، ئەو قسەیەیەتی کە دەڵێ : ( هەرکەسێك هەرژاربێ و ئەمە بنوسێتەوە خوا دەوڵەمەندی ئەکا و ئەگەر قەرزار بێ قەرزەکەی بۆ دەبژێرێ ، یا ئەگەر تاوانی هەبێ خوای گەورە بە بەرەکەتی ئەم وەسێتە لە خۆی و دایکی و باوکی خۆش دەبێ ... هتد ) ! ! !

ئا ئەمە درۆیەکی هەر زۆر گەورەیە ، ڕونترین بەڵگەیە بۆ درۆزنی خاوەنەکەی ، و نیشانەی بێشەرمیەتی بەرامبەر خوا و بەندەکانی ، چونکە ئەم سێ شتە بە نوسینی قورئانیش بە تەنها بۆ هیچ کەسێك بە دەست نایەت ، ئەی چۆن بە نووسینی ئەم وەسێتە درۆینە بە دەست دێت ؟! بەڵکو **ئەم نەفس پیسە** ئەیەوێت سەر لە خەڵك بشێوێنێ و پەیوەستیان بکات بەم وەسێتەوە ، بۆ ئەوەی بینوسنەوە و سەرقاڵیان بکا بەم فەزڵە درۆینەوە ، تا خەڵك دەست بەرداری ئەو هۆکار و ئەسبابانە بن کە خوای گەورە بۆ خەڵکی داناوە کە ئەبنە هۆی دەوڵەمەندبون و

قەرز بژاردن و لە تاوان خۆش بوون (خوای گەورە وای دانەوە مرۆڤ بە هەوڵدان و کاسبی کردن دەوڵەمەند دەبێ ، هەژاریش بەهەمان شێوە تا پارەیەك دەر ئەکا و قەرزەکەی پێ ئەداتەوە ، وە بە خواپەرستی و دوعا و پاڕانەوە و تەوبەکردن خوا لە تاوان خۆش دەبێ ) ، جا پەنا ئەگرین بە خوا لە سەرشۆڕی و گوێڕایەڵی کردنی هەوا و ئارەزو و شەیتان .

سێیەمیان : ئەڵێت : (هەرکەسێك نەینوسێ خوای گەورە ڕوو ڕەشی دەکا لە دونیا و ئاخیرەت) ، ئەمەش درۆیەکی بێفەڕە و لە ڕوونترین بەڵگەکانە لە سەر هەڵبەستراویەتی ئەم وەسێتە و درۆزنی خاوەنەکەی ، ئاخر چۆن ئەبێ لە عەقڵی عاقڵێکدا کە ئەم وەسێتە بنوسرێتەوە کە پیاوێکی نەناسراو لە سەدەی چواردەدا هێناویەتی و دەیداتە پاڵ پێغەمبەری نازدار (ﷺ) و ئەڵێت هەرکەس نەینوسێت خوا ڕوو ڕەشی دەکا لە دونیا و ئاخیرەت !!! وە هەرکەسێك بینوسێتەوە دەوڵەمەند دەبێ و هیچ قەرزی لە سەر نامێنێت دوای ئەوەی لەسەری کەڵەکە بووە ، وە هەموو تاوانەکانی دەسرێتەوە !!

﴿سُبْحَانَكَ هَذَا بُهْتَانٌ عَظِيمٌ﴾ خوایەگیان پاکی وبێگەردی بۆ تۆ ئەمە بوهتانێکی گەورەیە ؟

جا تەنانەت بەڵگەکان و واقیعیش شاهیدن لەسەر درۆزنی خاوەن وەسێتەکە و زۆر بوێری و بێشەرمی خاوەنەکەی بەرامبەر خوا و خەڵکی ، بەڵکو ئەوە خەڵکێکی زۆر هەن نەیان نوسیوەتەوە و ڕووشیان ڕەش نەبووە ، لە گەڵ ئەوەشدا ئەوەتا خەڵکێکی زۆر مەگەر خوا بۆ خۆی بزانێ چەند ئەبن چەندین جار نووسیویانەتەوە کەچی قەرزەکانیان هەروەك خۆیەتی و تا ئێستایش هەژار و داماون ، جا پەنا ئەگرین بە خوا لە لادانی دڵ و ڕازاندنەوەی تاوان .

هەروەها ئەم وەسف و پاداشتانە ، شەرعی پیرۆز بۆ کەسێکیش کە باشترین و مەزنترین کتێب بنوسێت کە قورئانە نەیهێناوە ! ئەی چۆن ئەو پاداشتە دەستی کەسێك دەکەوێ کە وەسێتێکی پڕ درۆ و دەلەسە بنوسێتەوە کە پێکهاتووە لە جۆرەها ناڕەوایی و چەندین ڕستەی کوفری ؟! - پاکی و بێگەردی بۆ خوا چەند لە سەر خۆیە بەرامبەر کەسێ کە جورئەت ئەکات و درۆی بە ناوەوە ئەڵێ - .

چوارەمیان : ئەڵێ : (هەرکەسێك بەڕاستی بزانێت ، لە سزای ئاگر ڕزگاری ئەبێ ، و هەرکەسێك بە درۆی بزانێت کافر ئەبێ) .

ئەمیش دیسانەوە ئەو پەڕی بوێریە لەسەر درۆکردن.. ، وە ناڕەواییەکی زۆر قیزەون و ناشیرینە ، وە ئەم دەم هەڵبەستە بانگی هەموو خەڵك دەکات بۆ ئەوەی بڕوا بە درۆکەی بێنن ، واش دەزانێ هەر کەس بە درۆی بخاتەوە کافر دەبێ ، دە بە خوا **ئەم درۆزنە درۆیەکی گەورەی بە ناوی خواوە هەڵبەستووە** . کە ئەشڵێ : - سوێند بە خوا - بە ناهەق ئەیڵێ .

لە ڕاستیدا ئەو کەسەی بڕوای پێبکات ئەوە شایستە ترە پێی کافر ببێ ، نەك ئەوەی بە درۆی بخاتەوە ، چونکە ئەم وەسێتە درۆیە و هەڵبەستراوە و ناهەقیە و هیچ ئەساسێکی نییە ، هەر بۆیە ئێمە خوا ئەکەین بە شاهید لە سەر ئەوەی کە ئەمە درۆیە و ئەو کەسەش هەڵیبەستووە درۆزنە . ئەیەوێ شەرعێك بۆ خەڵکی دابهێنێ کە خوای گەورە ڕێگەی پێ نەداوە ، وە شتانێك بهێنێتە نێو دینی موسڵمانانەوە لە دینی ئەواندا نییە ، بەڵام خوای پەروەردگار پێش ئەم درۆیە بە چوارده سەدە دینی بۆمان کامڵ کردووە .

جا بۆیە ئاگاداربن ، خوێنەران و برایان ، ئامان سەد ئامان بڕوا بە ئەم جۆرە درۆیە نەکەن ، وە ئامان با ڕەواج پەیدا نەکات لە نێوانتان ، بەڕاستی هەق و ڕاستی نور و ڕۆشناییەکی پێوەیە بۆ ئەو کەسەی بیەوێ لێی ناشێوێ ، بۆیە بە

بەڵگەی ڕاستەوە بە دوای ڕاست بگەڕێن ،، هەر شتێك ڕوون نەبوو لاتان پرسیار لە خەڵکانی شارەزا و خاوەن زانست بکەن ، ئامان بە سوێندی درۆزنان نەخەڵەتێن ، لە بیرتان نەچێت شەیتانیش سوێندی خوارد بۆ دایك و باوکتان ئادەم و حەوا کە ئەو لە سەر قازانجیانە ، بەڵام خۆی گەورەترین خائینە و درۆزنترینی درۆزنەکانە ، هەر وەك خوای پەروەردگار لە سورەتی (الأعراف)دا باسی دەکا و دەفەرمویٚ : ﴿ **وَقَاسَمَهُمَا إِنِّي لَكُمَا لَمِنَ النَّاصِحِينَ** ﴾ [الأعراف:٢١] واتە : شەیتان سوێندی بۆ هەردوکیان خوارد کە من لە سەر قازانجتانم و ئامۆژگاری کەرتانم .

وریای شەیتان بن ، وە وریای شوێنکەتووە درۆزنەکانی بن ، خۆی و دار و دەستەکەی چەندەها سوێندی درۆیان خوارد ، چەندەها پەیمانی درۆیان دا ، چەندەها قسەی زرەق و بەرەقیان ووتووە بۆ لە ڕێ لادان و گومڕا کردن !

خوای گەورە بمانپارێزێ لە شەڕی شەیتانەکان و فیتنەی گومڕاکەران و لادانی لە هەق لادەران و لێ شێواندنی دوژمنەکان ، ئەوانەی کە ئەیانەوێت نور و ڕوناکی خوای گەورە بە دەم بکوژێننەوە و سەر لە خەڵکی بشێوێنن و دین لە خەڵکی تێکدەن ، بەڵام خوای گەورە نور و ڕوناکی خۆی هەر تەواو دەکات و دینەکەی خۆی سەردەخات با دوژمنانی خوا ـ شەیتان و شوێنکەوتوەکانی لە کافر و بێ دینەکان ـ هەر ڕقیان بێتەوە و پێیان ناخۆش بێ .

سەبارەت بەوەی کە ئەم **هەڵبەستراوەیە** باسی دەکات لە دەرکەوتن و زۆربوونی تاوان و خراپەکاری ، ئەوە ئەمری واقعە ، وە قورئانی پیرۆز و حەدیس ئەوەندە وورياییان لەسەری داوە کە بەس بێت و پێویست بە درۆی ئەم و ئەو نەکات ، جا داواکارم لە خوای بەخشندە حاڵی موسوڵمانان چاك بکات و بیانکاتە شوێنکەوتووی هەق و دامەزراویان بکا و تەوبەیان لێ قبوڵ بکا و لە هەموو خراپە و تاوانێکیان خۆش ببێت ، و بیانگێڕێتەوە سەر ڕاستە ڕێگاکەی خۆی ، بەڕاستی هەر خوا تەوبەگێراکەری میهرەبانە و توانای بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێ .

وە سەبارەت بەوەی باسی دەکات لەبارەی نیشانەکانی قیامەتەوە ، ئەوە فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بە جوانی نیشانەکانی قیامەتی ڕوون کردۆتەوە و چی دەبێ ، وە قورئانی پیرۆزیش ئاماژەی بۆ هەندێکیان کردووە ، جا هەرکەسێك ئەیەوێت دەربارەی نیشانەکانی قیامەت شت بزانێت ، ئەوا با بگەڕێتەوە بۆ کتێبەکانی فەرموودە ، نووسراوی زانایان لەو بارەوە ، و خەڵك هیچ پێویستیان بە ڕوونکردنەوە و سەر لێشێواندن و هەق و ناهەق تێکەڵکردنی ئەم درۆزنە نییە ، هەر خوامان بەسە و هەر ئەویش باشترین پشت و پەنایە .

ولا حول ولا قوة إلاَّ بالله العلي العظيم ، والـــحمد لله رب العالمين ، وصلى الله وسلم على عبده ورسوله الصادق الأمين، وعلى آله وأصحابه وأتباعه بإحسان إلى يوم الدين ...*

=====================

ماڵپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

لە دوعای خێر بێ بەشمان مەکەن

* ئەو وەسێتنامە هەڵبەستراوە چەند ساڵێکە لە کوردستانی خۆمانیشدا بەینا و بەین دەکەوێتە بازاڕەوە و بە چەندین شێوازی جۆراو و جۆر بڵاو دەکرێتەوە ! هەرچەندە ئەو کەسانەی کە بڵاوی دەکەنەوە زیاتر خەڵکانێکی نەخوێندەوار و نەشارەزان ! بەڵام ئەوەی کە زیاتر جێی سەرسوڕمان و ئەسەفە ئەوەیە کەوا ئەم جۆرە درۆ و دەلەسانە لە ناو قوتابییانی زانکۆ و پەیمانگا و قوتابخانەکاندا بڵاوبکرێتەوە ! ! ! وە بەڵگەیەکی زۆر ڕوون لە سەر درۆیەتی و هەڵبەستراوێتی ئەم وەسێتنامەیە ئەوەیە کەوا ئەو نوسخانەی بڵاوکراونەتەوە لە کوردستاندا لە یەکێکیندا باسی ڕوپێیەی هندی دەکات و لە دووەمیاندا باسی دیرهەمی کردووە بۆ قازانج کردن ! ! !

* **وریاکردنەوەیەك** : پێش چەند ڕۆژێك لە مۆبایلدا فەرموودەیەکی هەڵبەستراو بڵاوکراوەتەوە بە حیساب باسی وتووێژێك دەکات لە نێوان شەیتان و پێغەمبەردا (ﷺ) ! ! ! ئەم فەرموودەیە ئەصڵ و ئەساسی نیەیە و لە هیچ کتێبێکی باوەڕپێکراودا نەهاتووە ، بڕوانە بڵاوکراوەی : (**وتووێژێکی هەڵبەستراو لە نێوان پێغەمبەر و ئیبلیس لە ڕەحمەتی خوا دەرکراو**) .